HaDi

# تۆ وەکوو سروەی بەیانانی بەهاری

تۆ وەکوو
سروەی بەیانانی بەهاری
تۆ لە
لەشما
گیانی سووکی نادیاری
بۆ شەوی خۆشی و نەخۆشیم یادگاری
رەمزی ئینتزاری
تۆ جریوەی دارستانی جێ ژوانی
بۆ ئەستێرە ی بەرزی ئاواتم
سریوەی چەندە جوانی

گیانەکەم جاران کە ئەتکوت:
پێکەنینت زایەڵەی سەوزی شەتاوە
چاوی شینت گۆمی مەندی پر لە ماسی
زەرد و سووری بەر هەتاوە

ئێستە بو وا ...
شۆرەبی برژانگی نەرمت دەوری داوە
بۆچی گەرمایی روانینت نەماوە؟

سوارە ئیلخانی زادە